دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکاریی ئاوارەکان لە کەرکووک و خێزانی ناو موسڵ دەکات

دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەهۆی وەرزی گەرماوە چالاکییەکی لە پارێزگای کەرکووکدا بەڕێوەبرد و ئامێری فێنک کەرەوەی بۆ 59 خێزان دابەش کرد. ڕێکەوتی 8/8/2017 تیمەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە کەرکووک لە چالاکییەکی کەم وێنەدا هاوکاری 59 خێزانی ئاوارە و کەمدەرامەتی شاری کەرکووکیان بەهرەمەند کرد و بۆ هەر خێزانێک یەک ئامێری فێنک کەرەوەیان دابین کرد. جێگای ئاماژەیە دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە ماڵەوە بۆ ماڵەوە کاروانێکی بەرفراوانی هاوکارییەکانیان بۆ مەسحییەکان لە تەلسقۆف دابین کرد و 807 خێزان ئامێری مویەریدە و پارسێلی خۆراکیان بۆ دابین کرا.

هەروەها ڕێکەوتی 8/8/2017 دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەمەبەستی دابینکردنی هاوکاریی خۆراکی بۆ دانیشتوانی شاری موسڵ کاروانێکی هاوکارییەکانی دەوڵەتی کوێتی گەیاندە شارەکە و هەزار خێزان سودمەند بوون. جێگای ئاماژەیە بەهۆی شەڕ و ئاڵۆزییەکانەوە دانیشتوانی موسڵ پێداویستییە سەرەتاییەکانیان بەدەست ناکەوێت و بەردەوامی دان بە ژیان بەبێ هاوکارییەکانی ڕێکخراوە مرۆییەکان بۆ دانیشتوانی شارەکە ئەستەمە.

لە دەستپێکی ساڵی 2017ەوە زیاتر لە 30 هەزار خێزانی موسڵ لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە هاوکاری جۆراوجۆرییان پێشکەش کراوە و ڕۆژانە هاوکاری زیاتر دەگەیەندرێتە شارەکە.

لەدرێژەی کۆڕو کۆبوونەوە جەماوەرییەکانیدا لەگەڵ نوێنەری سەرجەم چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستاندا، بەئامادەبوونی هەڤاڵ چیا محەمەد هەرکی بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی لق و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حزبی و حکومی و جەماوەرێکی زۆری خەڵکی سنوورەکە، لێژنە ناوچەی رزگاری لەشارەدێی تۆبزاوە کۆڕێکی جەماوەری بەرفراوانی بۆ بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی پارتی دیموکراتی کوردستان سازکرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بەوەستانی خولەکێک بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان سەروەریان بارزانی نەمرو کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد، دواتر بەرپرسی لقی 16ئاماژەی بەبارودۆخی سیاسی کوردستان و هەنگاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی و لادانی هەموو پێش مەرجەکان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان لەپێنا بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستاندا کە بێگومان هەنگاوو دەستپێشخەرییەکانی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان خەمخۆرییەکی گەورەیە بۆ تەواوی پرسەکان و خەڵکی کوردستان.

لەبەشێکی دیکەی کۆڕەکەیدا بڵند اسماعیل تیشکی خستەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان کە ئامانجی لەمێژینەی سەرجەم خەڵکی کوردستانە و بەدەرئەنجامی مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و لکاندنی باشوری کوردستان بەبێ ویستی دانیشتوانەکەی تا بەئەمڕۆ دەگات گەلەکەمان جگە لەماڵوێرانی و کوشتن و برین و جینۆسایدکردن هیچ خێرێکی لەو وڵاتە بەزۆر داتاشراوە نەبینیوە، بۆیە ئەمڕۆ دەرفەتێکی گەورە لەبەردەم میللەتەکەماندایە بۆ ئەوەی لە ڕۆژی 25ی ئەیلوڵی ئەمسااڵدا هەموومان بەیەک دەنگ بڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

دواتر بەرپرسی لقی 16 سەرپەرشتی مەراسیمی کۆتایی هاتنی خولێکی زمانی ئینگلیزی کرد کە قوتابخانەی ئاورینگ بۆ 40قوتابی کردبوویەوەو خولەکە بەسەر کەوتوویی کۆتاییهات.

پرسەو سەرەخۆشی

پڕ بەدڵ سوپاسی گەرمی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین کە بە بڕووسکەی ماتەمینی پرسەی باوکی شەهید (عەزیز حوسێن)ی بەسەرکردەوە.

خوای گەورە جەنابیان بۆ کورد و کوردستان بپارێزێت.

مەحمود حاجی سەعید

لەجیاتی بنەماڵە و خەڵکی قامیش و شینکایەتی

بەرپرسی لقی 16: ئەمڕۆ دەرفەتێکی گەورەمان لەبەردەمە تا لە 25ی ئەیلوولی ئەمسااڵدا هەموومان بڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

بەرپرسی لقی دوو لە بەسەرکردنەوەی خانەوادەی شەهید د. محەمەد قەرەداغی: شۆڕشی ئەو زانا گەورانە پڕ ناکرێتەوە

ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری جووتیار عەلی بەرپرسی لێژنەی ناوچەی زانکۆ سەردانی خانەوادەی شەهید و مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین د.محەمەد قەرەداغی لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن ئاواز خانی خێزانی شەهید و د. سەوزەی کچی شەهید و سامان و ئالانی کوڕانی شەهید پێشوازیەکی گەرمیان لێکرا.

لەو بەسەرکردنەوەدا بەرپرسی لقی دوو وێڕای نیشاندانی ڕێزێکی زۆر بۆ خانەوادەی شەهید و ژیانی پڕ لە خزمەتی زانستی شەهید، لە ژیان و گوزەرانیانی پرسی و ئامادەیی هەموو پشتیوانیەکی بۆ دووپات کردنەوە. دواتر بەرپرسی لقی دوو باسی ڕۆڵی شەهید د. محەمەد قەرەداغی کرد لە خزمەتکردن بە چەندین نەوەی جۆشکراو بە زانست و ڕۆحی نیشتیمانپەروەرانە کە زۆرینەیان ئێستا دەستیان هەیە لە ئاوەدانی و پێشوەبردنی لایەنەکانی ژیان لە کوردستان، جەختی لەوەش کردەوە بە شەهیدبوونی د.محەمەد قەرەداغی کەلێنێکی گەورە کەوتە نێوەندی زانست و خوێندن لە هەرێمی کوردستان و ئەستەمیشە بتوانرێ بە ئاسانی شوێنی کەسایەتیەکی زانستی گەورەو نیشتیمانپەروەری وەک د.محەمەد قەرەداغی پڕ بکرێتەوە. خانەوادەی شەهیدیش سوپاسی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانیان کرد کە دوای شەهیدبوونی د.محەمەد قەرەداغی پشتیوانی لێکردوون و ڕێزی گەورەو تایبەتی هەبووە بۆ خانەوادەکەیان.

بەرپرسی لقی دووش ئامادەیی هەموو پشتیوانی و هاوکاریەکی بۆ خانەوادەی شەهید دووپات کردەوە و گوتی: هەرچی بکرێت بۆ خانەوادەی شەهیدان کەمە، چونکە ئەو ئاسایش و ئارامی و ئازادیەی ئێستا لە کوردستان بەرقەراوە لە سایەی خوێنی گەشی شەهیدان و شەونخونی پێشمەرگە قارەمانەکان و کارمەندانی هێزی ئاسایش و ناوخۆیە.

گرنگیا ڤەکرنا نڤێسینگەها کونسلخانەیا ترکیا بو دانا ڤیزا هاتە بەحسکرن

دوهی فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا محەمەد عاکف کونسلێ گشتی یێ وەلاتێ ترکیا ل کوردستانێ وشاندنێ دگەلدا کر.

دهەڤدیتنەکێدا ب ئامادەبونا ان اسماعیل محمد احمد هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی وشێخ ئەیاد حسن سەروکێ ژوار بازرگانیا دهوکێ بەحسێ پەیوەندییێن دوو قولی دواڕێ ئابوری وبازرگانی دا دناڤبەرا هەرێما کوردستانێ و وەلاتێ ترکیا وچاوانیا پێشڤێخستنا ان پەیوەندیان کو قازانجا هەردوولا پتر تێدا هەبیت هاتە کرن. د تەوەرەکێ دن دا بەحسێ رولێ کومپانییێن ترکی ئەوێن پروژا ل دەڤەرێ ئەنجامدەن و گرنگیا ڤەکرنا نڤێسینگەها کونسلخانەیا ترکیا بو دانا ڤیزا بو وەلاتییێن پارێزگەها دهوکێ وچەند بابەتێن دی ب گشتی هاتە کرن. پارێزگەرێ دهوکێ خوشحالیا خو دیارکر هەمبەر ڤەکرنا نڤێسینگەها کونسلخانەیا ترکیا بو دانا ڤیزا بو وەلاتییێن پارێزگەهێ و گوت ئەڤ پێنگاڤە دێ گەلەک ئاسانکاریا بو خەلکێ پارێزگەهێ پەیداکەت تایبەتی کەسانێن نەساخ و بزنسمانان و خەلکێ پێدڤی ئەوێن سەردانا ترکیا دکەن و پشتڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ دگەل نڤێسینگەها کونسلخانەیا ترکیا ل پارێزگەهێ.

رێورەسمی دەستپێکی پرۆژەیەکی درێژخایەنی بەرێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر و رێکخراوی یونسێف بەڕێوەچوو

ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2017/8/7 لە ناحیەی خەبات بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی یونسێف بە دڕووشمی، لاوان پێشڕەوون بۆ گۆڕانکاری و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی، ڕێورەسمی فیستڤاڵی دەستپێکی پرۆژەیەکی هاوبەشی بەرێوەبەرایەتی لاوانی هەولێرو ڕێکخراوی یونسێف بەڕێوە چوو.

بەختیار فەرهاد، بەڕێوەبەری لاوانی هەولێر لە وتەیەکیدا تیشکی خستە سەر گرنگی و بەردەوامی ئەو پرۆژانەی کە لە خزمەتی پێگەیاندن و پەروەردە کردنی لاواندایە بۆ دوارۆژێکی گەش و پرشنگدار. نوێنەری ڕێکخراوی یونسێف هاوکاری و هاوبەشی بەرێوەبەرایەتی لاوانی هەولێری لە پرۆژە هاوبەشەکەیاندا بەرز نرخاند و سوپاس لاوان و نەوجەوانانی کرد کە بە گرۆتێنەوە بەشداری لە چالاکییە ڕۆژانەکانیاندا دەکەن و بەڵێنی دا هەردەم پشتیوانی پێگەیاندن و داهێنانی لاوان بن بەبێ جیاوازی ئەتنی و ڕەگەزی .. لە وتەیکیدا بەرێوەبەری ناحیەی خەبات ئامادەبوونی ئیداری ناوچەکەی بۆ سەرخستنی پرۆژەکەڕاگەیاند و سوپاسی ئامادەبوانی کرد کە هەردەم هاندەری لاوان بوون بۆ گەشەسەندن و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی. لە ئیستفاڵەکەدا چەندین چالاکی هونەری و موزیک لەلایەن لاوانەوە پێشکەش کرا.

پرۆژە هاوبەشەکە بۆ ماوەی ساڵێکەو گرنگی بە سەرجەم چالاکییە وەرزشی و هونەری و داهێنان و فێرکاری لاوان و نەوجوانان دەدات لە کومەڵگەی کوردستاندا بە بەشداری ئاوارەکانی عیراق و وڵاتانی دەوروبەر بەبێ جیاوازی.

دهوک... د هەوەکێدا 100زاروکێن برا ئێزدیان هاتنە سونەتکرن

خەبات ـ دهوک: بوردێ کاروبارێن مروڤایەتیBRHA ب هەڤکاری دگەل ڕێڤەبەریا کاروبارێن ئێزدیان دوهێ ل کەمپێن کەبەرتو 1 و 2 و ب ئامادەبونا، ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەرێ دهوکێ بو کاروبارێن مروڤایەتی وچەند بەرپرسێن میری وخێزانێن ئاوارە هەوەکا سونەتکرنێ بو 100 زاروکێن برایێن ئێزدی ئەنجامدا. دڕێورسمێن ئەنجامدانا هەوێ دا هاریکارێ پارێزگەرێ دهوکێ بو کاروبارێن مروڤایەتی پەیڤەک پێشکێشکر تێدا سوپاسیا هەموو لایەنان کر یێن ب ئەنجامدانا هەوێ رابوین تایبەتی بوردێ بورها ورێڤەبەریا کاروبارێن ئێزدیان وتەندورستیا دهوکێ وگوت: ئەنجامدان ڤان جورە چالاکییان نیشانا وێ یەکێ یە کو پارێزگەها دهوکێ گرنگییەکا تایبەت دەتە ئاوارە وپەنابەران لناڤ وەرڤەی کەمپان وگوت: ئەڤ هەوە ب پشتەڤانیا پارێزگەرێ دهوکێ دهێتە ئەنجامدان ودێ لناڤ کەمپێن دی ژی یا بەردەوامبیت.

هاریکارێ پارێزگەرێ دهوکێ بو کاروبارێن مروڤایەتی ئەو یەک ژی دیارکر کو نوکە پترڤ 700 هزار ئاوارە وپەنابەران لناڤ وەرڤەی 27 کەمپا ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ ژیانا خو دەربازدکەن وژدەست پێکا هاتنا ئاوارەیان پتر ژ، 24 هزار زاروک ژدایکبوینە وئەوا دشیان دابیت دێ بو برایێن ئاوارە هێتە کرن وپیروزباهی ل مالباتێن زاروکێن سونەتکرێ کر وژییەکێ درێژ بو خواست . پاش پەیڤێن ڕێڤەبەریا کاروبارێن ئێزدیان وئایینێ ئێزدیان هاتنە خاندن وسوپاسیا پارێزگەها دهوکێ و هەموولایەنان کر کو ئەڤ هەوە ئەنجامدای .پاش دەست ب هەوێ هاتە کرن ودیارێن پارێزگەها دهوکێ وبنگەهێ لالش ل سەر زاورکێن سونەتکرێ هاتنە بەلافکرن، بریارە 100 زاروک دڤێ هەوێ دا لناڤ هەردوو کەمپان بهێنە سونەتکرن وپاش هەو لناڤ کەمپێن دن ژی بهێتە ئەنجامدان.

گروپی هواوی بۆ مۆبایلی زیرەک رایگەیاند لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2017ڕێژەی پەرەپێدانی ساڵانەی گەیشتە 36.2% هەروەها داهاتی نیوەی یەکەمی ساڵی 2017 گەیشتە 105.4 ملیار یوانی چینی و ژمارەی یەکە فرۆشراوەکانی لەو ماوەیەدا گەیشتە 73.01 ملیۆن یەکە کە ڕێژەی فرۆشتنی لە 20.6% زیادی کردووە .

لە ڕاپۆرتی سەنتەری لێکۆڵینەوەی جیهانی (ئای دی سی) دووپاتکراوەتەوە کە بەشی هاوای لە بازاڕی مۆبایلی زیرەکدا لە جیهان گەیشتە 9.8%لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2017 هواوی پەرپێدانی بەرچاوی بە خۆی بینیوە لە وڵاتی چین بە ڕێژەی 22.1% لە ئەورووپا بە ڕێژەی 18%بەهەمان شێوە لە وڵاتانی ئاسیا و ئۆقیانوسی هێمن وەک وڵاتانی تایلاند و مالیزیا و ژاپۆن و کۆریای باشوور .

لێپرسراوانی هواوی پێیان وایە لە کۆتایی ساڵی 2017 ژمارەی فرۆشگاکانی دەگاتە 56000 فرۆشگا لەسەرتاسەری جیهان لەو کاتە ژمارەی فرۆشگاکانی لە ناوەراستی ساڵی 2016تەنها 35000 فرۆشگا بوو ، پێشبینی دەکرێت پەرەپێدانی هواوی بەردەوام بێت بە پشت بەستن بە داهێنانی نوێ لە بواری تەکنەلۆژیای زیرەک.

هواوی ئاماری نیوەی ساڵی 2017 ڕادەگەیەنێت